لە 79ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی.. باڤە تاڵەبانی نامەیەکی ئاراستەی مەسعود بارزانی کرد

لە 79ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی باڤە جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی نامەیەکی ئاراستەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی کرد و، جەختیکردەوە لە هەماهەنگی و تێبایی نێوان هەردو حزب لەپێناو کارکردنی پێکەوەیی و راپاراندنی ئەرکە نیشتمانی و چارەنوسسازەکان .

باڤە جەلال تاڵەبانی لەو نامەیەکدا بە مەسعود بارزانی، نوسیویەتی، "بەبۆنەی 79ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی گەرم لە بەڕێزتان، جێگرانی سەرۆکی پارتی، سەرکردایەتی، ئەندامان و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بە دەخوازم".

هەروەها نوسیویەتی، "جەخت لە هەماهەنگی و تێبایی نێوان یەکێتیی و پارتی و سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دەکەینەوە، لەپێناو کارکردنی پێکەوەیی و راپاراندنی ئەرکە نیشتمانی و چارەنوسسازەکان و بەهێزترکردنی قەوارەکەمان و باشترکردنی ژیانی خەڵکە خۆشەویستەکەمان".